# ئێران دەبێتە هۆی دروستبونی کارەساتێکی ژینگەیی لە عێراقدا

## راپۆرتێکی بەریتانی: یەك لەسەر چواری عێراقیەکان لەبەردەم هەڕەشەی تینویەتیدان

ناوەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی گەشەپێدان هۆشداریدا لە روودانی کارەساتێکی گەورەی ژینگە لە پارێزگاکانی رۆژهەڵات و باشووری عێراق، ئەگەر بێت و ئێران بەردەوام بێت لەبەربەست کردنی ئەو ئاوانەی کە دەڕژێنە خاکی عێراقەوە، لەوانە ئاوی ئەڵوەن کە ماوەی چوار ساڵە ئێران گرتویەتیەوە، بۆتە هۆی زیان گەیاندنێکی گەورە لە زەوی کشتوکاڵی و وێران بوونی نزیکەی ١٠٪ زەوی بەرهەمدار. ئەمەش وایکردوە کەخەڵکی ئەم گوندانە دوربکەونەوە لە زەویەکان بەهۆی وشکە ساڵیەوە. بەرهەمی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی بەردەوام لە پاشەکشەدایە بەڕێژەیەکی زۆر گەورە بەشێوەیەك لە هەندێك ساڵدا ٨٠٪ کەمی کردوە لەگەڵ کەمبونەوەی کوالێتیدا.

ناوەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی گەشەپێدان، لەو راپۆرتەیدا کە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بڵاویکردوەتەوە کە "بەهۆی بەرزبونەوەی رێژەی خوێ لەئاوی ئەو رووبارانەی کەلە ئێرانەوە دیێنە خاکی عێراقەوە، سامانی ماسی زیانێکی گەورەی بەرکەوتوەو بۆتە مردنی چەندین جۆری ماسی".

هەروەها کاریکردووە سەر گۆڕینی بارودۆخی سروشتی ژینگە لەهەندێك ناوچەدا و کۆچکردنی چەندین جۆری باڵندەو دەرکەوتنی هەندێك جۆری مار، زیانێکی زۆریشی گەیاندووە بە کشتوکاڵ و شوێنی نیشتەجێبونی دانیشتوان، هەروەها گیان لەدەستدانی ئاژەڵی ماڵی، ئێران لەم ساڵانەی دوایدا رێڕەوی زۆرێك لەو رووبارانەی گۆڕیوە کە دەڕژێنە ناو رووباری دیجلە، زۆرێك لە رووبارەکانیش بەربەستی لەبەردەمدا دروستکردون ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە دانیشتوانی ئەو پارێزگایانەی کەئەم رووبارانەیان پێدا دەڕوات نەهامەتیان زیاتر بێت.



### دابەزینی رێژەی ئاوی خواردنەوە

هەر لەو راپۆرتەدا روونکراوەتەوە کە رێژەی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە لە سەرانسەری عێراقدا کەمی کردووە بەڕێژەی ٢٠٪ پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە ئەم رێژەیە بەرزبێتەوە بۆ ٤٠ ٪ لە دە ساڵی داهاتوودا، ئەگەر بێت و رێوشوێنی خێرا بۆ ئەم کارەساتە نەگیرێتە بەر. هەر لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە ئەو پڕۆژەی بەربەستانەی کە لەلایەن وڵاتانی دراوسێی عێراقەوە دروست دەکرێت وەك پڕۆژەی بەربەستی (ئیلیسو) کە ئێستە تورکیا کاری تێدا دەکات، بەڕێژەیەکی زۆر گەورە کاردەکاتە سەر وشك بوونەوەی ئاوی هەردوو رووباری دیجلەو فورات. سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٩ وە ئەڵمانیاو نەمساو سویسرا پاشگەزبوونەوە لە پڕۆژەکە، ئەمە لە کاتێکدا تێبینی ئەوەیان کرد کە پڕۆژەکە لە ستانداردی جیهانی دەرچووە. پڕۆژەی ئیلسو یاسا نێودەوڵەتیەکان پێشێل دەکا، بونیادنانی بەنداوەکە دەسەڵاتێکی زۆر دەبەخشێ بە تورکیا بەسەر ئەو بڕە ئاوەی کە رێگەی پێ بدا بێتە ناو عێراق و سوریاوە، لە ئێستادا تورکیا دەستی گرتووە بەسەر فورات و رێ بە هاتنی ئاو نادا بۆ ناو عێراق، ئەگەربێت و بەهەمان شێوە رێ لە هاتنەناوەوەی دیجلەش بگرێ ئەوا دەبێتە هۆی روودانی کارەساتی مرۆیی و ژینگەیش.بەپێی پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دروستکردنی بەنداو لەسەر سەرچاوە ئاویەکان، دەبوایە پرس و را بە عێراق و سوریا بکرایە پێش دەسکردن بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، بەڵام ئەمە نەکراوە.

پاش هەوڵە بەردەوامەکانی عێراق بۆ رێگریکردن لە دروستکردنی بەنداوەکە یەکێتی ئەوروپا کشایە دواوە لە پڕۆژەکە تا ئەو کاتەی کە تورکیا رێکبکەوێت لەگەڵ عێراق و سوریا، لە هەمان کاتدا بانکەکانی ئەوروپا هاتنە دەرەوە لە پڕۆژەکە، بەڵام تورکیا هەر بەردەوام بوو لە دروستکردنی بەنداوەکەی بەبێ گوێدانە عێراق و سوریا.

هەرلە راپۆرتەکەدا هاتووە کە دروستکردنی بەربەستی (ئیلیسو) دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی زویەکانی عێراق بە تێکڕای ١٠ ملیار مەتر چوارگۆشە لە ساڵێکدا، هەروەها دەبێتە هۆی کەم بونەوەی ئاوی سازگار بەنزیکەی ٧٠٪، ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی لە سەر ئەو رووبارانەی کە دەڕژێنەوە سەر دیجلە.

راپۆرتەکە ئەوەی دوپاتکردەوە کە دابەزینی بڕی ئاوی هەردوو رووباری دیجلەو فورات کارەساتی ژینگەی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت و کاردەکاتە سەر گۆڕینی ئاو هەوا، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی عێراق دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە پەستاندا و گۆڕینی ئاو و هەوا بەشێوەیەکی گشتی لەناوچەکەدا.

هەندێك جار بەرزبونەوەی پلەی گەرما دەگاتە سەرو پەنجا پلەی سەدی و زیادبوونی گێژەڵووکەی لماوی بەڕێژەی ٢٠٪ لەماوەی سی ساڵی رابردوودا، وایکردووە رێژەیەکی زۆر لە زەوی ببێتە بیابان لە هەندێك جاردا گەشتۆتە ٢٠٨ ملیۆن دۆنم ئەمەش مانای ئەوەیە کە زیانێکی زۆرە بۆ ژینگەو ئابووری عێراق هۆشداریەکە کە لەداهاتوودا ئەم دیاردەیە رێژەیەکی زۆرتر بگرێتەوە.

### دیجلە لە بەردەم هەڕەشەدایە

راپۆرتەکە روونیکردوەتەوە کە دیجلە ساڵانە ٣٣ ملیار مەتر چوارگۆشە ئاو لەدەست دەدات، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر بیست ساڵی داهاتوو. ئەم ناوەندە بڵاویکردوەتەوە کە زۆرێك لە پارێزگاکانی عێراق چەندین ساڵە بەهۆی کەم بارانی و کەم بوونەوەی ئاوی خواردنەوە دووچاری زۆر گرفت بوون بەشێوەیەك ئێستا ناچاربوون ئاوی خواردنەوە لەکارگەکانی کوێت و سعودیەوە بهێنن. راپۆرتەکە پرسیار لەوە دەکات ئایا چۆن وڵاتانی کەنداو ئەو توانایەیان هەیە، کە خاوەنی هیچ رووبارێك نین، لەکاتێکدا عێراق بەوڵاتی نێوان هەردوو رووبارەکە ناسراوە کەچی ئێستا ناتوانێت ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکات.

"ناوەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی گەشەپێدان" داوا دەکات کە پەلە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە هۆی بڕینی کارەباو پاشان وەستانی ترۆمپاکانی ئاو لە عێراق بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشووردا.



فۆتۆ: سروشتی عێراق

# تانجەڕۆ بەتاڵکردنی ئەسفەلت لە چاڵی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆنی سپی